## شێرزادحافز سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی:

# بنەمای حیزبایەتیم پێ باش نیەو خزمەتی کەسیشمان ناکات



شێرزاد حافز سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی

فۆتۆ: ئارام سەعید

ئا: بارام صبحی-

**بۆقسەکردن لەسەر کارو بەرنامەو چالاکییەکانی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانیو هەوڵەکانی نوێنەرانی چەمچەماڵ بۆ خزمەتکردن بە شارەکەیانو گرفتو ئاستەنگەکانی بەردەمیان، بەجێهێنانی بەڵێنەکانی بەر لەهەڵبژاردنیان. ڕۆژنامەکەمان بەباشی زانی لەناو بارەگای ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانیدا ئەم دیدارە سازبکات لەگەڵ (شێرزاد حافز شەریف) سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانیو نوێنەری چەمچەماڵ لەو ئەنجومەنە.**

**سەرەتا لەبارەی ئەو پرسیارەوەی کەئایا پێت وایە ئەو قسەیە تاچەند ڕاستە کەدەڵێت: لەڕوی خزمەتکردنەوە چەمچەماڵ لە پەراوێزدایە؟**

- من پێم وانیە ئەو جیاوازییە هەبێت، بەڵام پێم وایە فیعلەن ئەو خزمەتەی ئەوانیتر نەکراوە، پێدەچێت ئەوەش هۆکاری خۆی هەبێت. چەمچەماڵ دوورە دەست نیە وەك قەزاکانیتر، کەوتۆتە نێوان دووشاری کەرکوكو سلێمانیو دەستی کەمتر پێدەگات، ڕەنگە مەسەلەکە ئەوەبێت، ئەگینا پێموانیە بەقەصد حەرەکەی کوردی شتی وای نەکردووە، سەرکردایەتی کورد شتی وای نەکردووە.

**+بەڵام دەکرێت بڵێی بەتەحدید هۆکاری ئەو پەراوێزخستنە چیە؟**

— من پێم وایە خۆمانیش (خەڵکی چەمچەماڵ) هەموو ئیشمان نەکردووە تائێستاو کەم ئیشمان بۆکردووە. ئەوانەی ئەتوانن ئیش بکەن، ئەوانەی کەدەستیان بە شوێنەکان ئەگات بەڕاستی کەمتر ئەوەیان کردووە، هەرچەندە تائێستا شارەوانی ئیشی باشی کردووە لە چەمچەماڵدا، بەڵام هێشتا وەکو پێویستو شارەکانی دیکەنیەو ئەتوانرا زیاتر بکرێت. ئەکرا ئەو کاربەدەستانەی لەوێن زیاتر هەڵپە بکەن لەناو دائیرەکانی حکومەتو لەناو وەزارەتەکاندا، چونکە ئێستا بەڕاستی وایلێهاتووە ئەگەر خۆت هاوارنەکەیتو دەست درێژ نەکەیت بۆ شتێك کەس هیچت بۆ ناکات.

**+ئایا بەرپرسانی چەمچەماڵ تائێستا وەکو پێویست توانیویانە خزمەت بکەن؟**

— من لەهەوڵو تێکۆشانی کەس کەم ناکەمەوە، هەرکەسەو بەگوێرەی توانای خۆی ئیشیکردووە، دیارە منیش ئەوەندەی ئیشم کردبێتو تواناکەم ئەوەندە بوەو نەم توانیوە زیاتری بکەم.

**+بەحوکمی ئەوەی لەئەوروپا ماوەیەکی زۆر ژیاویت، هۆکاری ئەوەچیە تائێستا لای ئێمە ئەو کلتورە دروست نەبووە گەر لێپرسراوێك نەیتوانی خزمەت بکات دەست لەکار بکێشێتەوە؟**

- من حەزدەکەم زیاتر باسی چەمچەماڵ بکەینو لە چەمچەماڵ دەرنەچین باشە، چونکە ئەمە سیاسەتێکی عامی عێراقو شەرقی ئەوسەتیشە.

**+چەمچەماڵ مەڵبەندێکی ئەنفال نشینە، بەڵام تائێستا وەکو پێویست ئەو یادەی تیا نەکراوەتەوە پێت وایە ئەمەش لە پەراوێز خستنەوەبێت؟**

— نازانم، ئەنفال یادەکەی کراوەتەوە لەکەلارو چەمچەماڵ وەکو یەك، هەر وەزارەتی (مافی مرۆڤو ئاوارەو ئەنفال) ئەوانن کەئەو یادە دەکەنەوە وەکو پێویست کردویانە، شتێکیان نەکردووە بۆشارێك زیاترو بۆئەویتر کەمتر.

**+بەڵام لەئاست قەبارەی قوربانیەکانو یادی هەڵەبجە نیە کەهی ئەوان تەنیا پێنج هەزارە بەڵام ئەنفال( ١٨٢٠٠٠)**

— ئەوەش سیاسەتێکی عامەو ناکرێت لێرەدا من قسەی لەسەر بکەم، ئەوەش سیاسەتێکە تەنها بۆ چەمچەماڵ نیە، ئێمەش ئامانجمان لەم چاوپێکەوتنە باسکردنە لە سنوری چەمچەماڵو دەوروبەری، چونکە خەڵکی چەمچەماڵ منیان هەڵبژاردووە.

**+هەنگاوەکانی کردنەوەی لقێکی زانکۆیی بەکوێ گەیشتووە، ئەوەندەی ئاگاداربیت؟**

— من لەگەڵ چەند کەسێك لەوانەدا کۆبوومەوە کە شەهادەی ماستەرو دکتۆرایان بەدەستهێناوە، زۆرتر بیر لەوەکرابوەوە خۆپیشاندان بکرێت لەقۆناغی یەکەمدا منیش ئەوەم پێباش نەبوو، پێم باشبوو لەقۆناغی یەکەمدا هەموو سەرە چەمسەرەکان بگرین، ئەوانەی کەئیشیان پێدەکرێت بچین بۆ لایان، ئەوانیش بەوە ڕازیبوون، بڕیاربوو لە چەمچەماڵ لەگەڵ ئەوانەدا کۆببینەوە کە شەهادەی باڵایان هەیە تا بەهەمومان بگەینە ئەنجامێك، چونکە چەمچەماڵ خەڵکانێکی زۆرباشو زیرەکو خاوەن شەهادەی تێدایە، لەهەموو بوارەکاندا، بەڵام بەرلەو کۆبوونەوەیە من کاك (عومەر فەتاح)م بینی، گوتم ئێوە قەرارەکەتان داوە بەڵام وەزیری خوێندنی باڵاتان ڕازی نابێت، ئەگەر هۆکارێکی تایبەتی هەیە پێمان بڵێن، ئەویش ووتی: هیچ سەبەبێك نیە، ئێمە پێمان وایە ئەوەندە زانکۆو کۆلیژمان بچوك کردۆتەوە لەهەموو قەزاو شوێنێکدا کردومانەتەوە ناخۆش بووە، یەعنی خەریکە ئەو سەنگەی نامێنێت، منیش بۆم باسکردو گوتم:ئەگەر وایە چەمچەماڵ لەهەموو قەزاکان گەورەترە لەڕوی سنوری جوگرافیو ژمارەی دانیشتووانیشەوە، ئەگەر هەمووی لابەن ئێمەش نامانەوێت، بەڵام ئەگەر ئەوان هەیانەو لای نابەن ئەوا ئێمەش ئەمانەوێتو ئەبێ ببێت، وەعدی پێمداوە لەمسالدا جامیعەمان بۆبکاتەوە یا هیچ نەبێت کۆلیژێك.

**+ئامۆژگاریت چیە بۆخەڵکی بۆئەوەی لەسەربنەمای چەمچەماڵی بوون کۆبنەوە دوور لەململانێی حیزبی؟**

— من تائێستاش لەسەر ئەو ئەساسە کاردەکەم، بنەمای حیزبایەتی بەڕاستی پێم باش نیەو خزمەتی کەسیشمان ناکات، من پێم باشە هەموومان بەو ئاراستەیە کاربکەین، کێ دەتوانێت خزمەتی زیاتری ئەوشارەبکات یان ئەو شوێنە بکات کە لێیەتی، من مەبەستم شارچێتیو ئەوەی هەندێك کەس باسی دەکات من بەو شێوەیە نایلێم، بەڵام تۆ کەلە شوێنێکدای دەبێت خزمەتی ئەوشوێنە بکەیت، ئەوە بکەین باشترە نەك شتی تر.

**+کارتان نەکردوە بۆئەوەی چەمچەماڵ بخەنە سەر ئیدارەی سلێمانی چونکە تا ئێستا نەگەڕاوەتەوە سەر کەرکوك؟**

— پێم وایە ئەوە خزمەت بەشۆڤینیە عەرەبەکان دەکات، ئێمە پێمان باشە کە ئالیەتێك بدۆزرێتەوە، من یەك دووجار لەگەڵ مەکتەبی سیاسیدا باسم کردوە لەدوای هەڵبژاردنمەوە، کە ئالیەتێك بدۆزرێتەوە خزمەتی زیاتری کەلارو کفریو چەمچەماڵو ئەو شوێنانە بکرێت، کە ئێستا لەنێوانی سلێمانیو کەرکوکدان، خۆشیان نازانن مەسیریان چیە.

**+پرۆژەی هەڵکەندنی بیرێکی نەوتو وێستگەیەکی کارغازی بەکوێ گەیشتووە، ڕاستە گواستراوەتەوە بۆ تەقتەق؟**

— من ئاگاداری ئەوەم نەگواستراوەتەوە بۆ تەقتەق، ئێستا والەچەمچەماڵدا خەریکن مەسحەکەی دەست پێدەکەن، چەمچەماڵو بان شوانو بناری خاڵخاڵانو تانزیکی گۆپتەپە دەگرێتەوە. ئەندازیارێکی کەرکوکی (پرۆفیسۆر ڕێبوار)کە ڕاوێژکاری زانستی (جۆن هاوەرد)ی سەرۆك وەزیرانی ئوستراليايە مەسحەکەی دەکات، پێموایە خەڵکی سوودی زۆری لێدەبینن، چ خاوەن زەویەکان (١٥) هەزار کرێکاری دەوێت، پرۆژەیەکی زۆر گەورەیەو خزمەتی ناوچەکەمان دەکات.

**+تۆنوێنەری خەڵکی چەمچەماڵیتو بەدەنگی ئەوان گەیشتیتە ئەم پۆستە، تا ئێستا چیت بۆیان کردوە؟**

- من زۆر دەمێك بوو ئەم ویست لەگەڵ خەڵکی چەمچەماڵدا دابنیشم، داوام کردبوو لە مەڵبەند وابکەن خەڵکی کۆبکەنەوەو نەدوەیەك بکەین باسیان بۆ بکەم من چیم بۆیان کردووە تائێستا، چونکە من حەزئەکەم ئەوان قۆناغ بە قۆناغ ئاگایان لە ئیشەکانی ئێمە بێت، تەبعەن ئەگەر بڵێم ئیشم بۆیان کردووە من ئەڵێم سفر، چونکە من هیچم نەکردووە، ئەوەش کۆمەڵێك سەبەبی هەیە، باشە ڕەنگە هەندێك کەس بڵێن ئەگەر وایە بۆ واز ناهێنیت، منیش ئەڵێم: حەقی خۆیانە، بەڵام من پێموایە تا ئێستا ئاسۆیەك هەیە بۆئەوەی لێوەی خزمەتی چەمچەماڵ بکەین، ئێوە خۆتان ئەزانن ئێمە بەقانونی (٧١)ی بریمەر کاردەکەین، ئەو بڕیارەش باس لەوەدەکات کە:هەموو پارێزگایەك دەبێت ئەنجومەنی خۆی هەبێت، بڕیارەکەش ئیستیسنای کوردستانی کردووە، چونکە سەرکردایەتی کورد خۆیان دەتوانن بڕیار لەوەبدەن کە کوردستان ئەنجومەنی پارێزگای هەبێت یان نا، تا ئێستا لەدەستوردا ئەوە نەچەسپاوە، ئێمە زۆر هەوڵمانداوە لەگەڵ مەکتەبی سیاسی خۆماندا قسەمان کردووە جەنابی کاك کۆسرەتو کاك عومەرفەتاح وەعدیان داوە کە ئێمە بەو ئاراستەیە کاربکەین، کە ئەنجومەنی پارێزگا هەبێت، دواتر ئێمە لەگەڵ جەنابی (کاك مەسعود بارزانی)قسەمان کرد ئەویش پێی وایە کە دەبێت ئێمە چالاك بکرێینو ئەنجومەنەکان ئیشی پێبکرێت لە شارەکانی کوردستاندا، دواتر ئێمە لەگەڵ کاك (عەدنان موفتی) سەرۆکی پارلەماندا قسەمان کردو ئەویش پێیوایە کە دەبێت ئێمە کارابکرێین، لەگەڵ لیژنەی یاسایی پەرلەمانیشدا قسەمان کردوە، کەلە ڕەشنوسی دەستوری هەرێمی کوردستاندا باسی ئەنجومەنی پارێزگانەبووەو ئێمە ئەوەمان چەسپاند بەهاوکاری ئەنجومەنەکانی (هەولێرو دهۆك)، ئەوەش وایکردوە تا ئێستا ئێمە دەست بەکارنەبینو بودجەمان نەبێت، ئیدارەی سلێمانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لیژنەیەکی دروستکرد کەلەحەوت وەزیر پێکهاتبوو بۆئەوەی هەندێك دەسەڵات بدەنەوە بە ئەنجومەنی پارێزگا، بەڵام تائێستا بەڕەسمی هیچ شتێك بە ئێمە نەدراوە، لەبەر ئەوەی لەپارلەمانی کوردستان بەڕەسمی نەناسێنراوین، سەرۆکی پەرلەمان بەڕاشکاوی پێی گوتین: بۆئەوەی تووشی کێشە نەبین، لەدوای یەکخستنەوەی ئیدارەکان چارەسەری ئەوکێشەیە دەکەین.

وەئەوکارە سادانەی کە تا ئێستا بۆ چەمچەماڵم کردووە لەڕێگەی ڕەفاقەتەوە بووەنەك ئەنجوومەن، چونکە ئەنجومەنی پارێزگا ئەو توانایەی نیە بەبەڕێوەبەری فەرمانگەیەك بڵێت بڕۆ ئەوەبکە یان مەیکە.

**+ئێوە کارتان کردووە بۆ بایەخدان بەگەنجو دروست کردنی کۆمەڵگای مەدەنی، بەڵام ئەو چالاکیانە تەنها لەسنوری سلێمانیدا بووە، بۆ؟**

— ئێمە تەعبیر لەهەموو سلێمانی دەکەین، من سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانیم نەك چەمچەماڵ، ئێمە لیژنەکانمان بۆ هەموو قەزاکان کاردەکاتو تەنها بۆ سلێمانی نیە، بۆئەوەشی کە ئێمە کارەکانمان تەنها لە سلێمانیدا بووە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی سەرەتای کارەکانمان بووەو یەکەم چالاکیمان بووەو خۆشم ڕەخنەم لەوەگرتووە، ئێمەو لیژنەکانمان خۆمان ئامادەکردووە بۆ کارکردنێکی فراوان بۆ گەنجانو ژنانو هەموو توێژەکان لەسنوری پارێزگای سلێمانیدا، دوای دیاریکردنی سنوری دەسەڵاتو کارەکانمان لەلایەن پارلەمانی کوردستانەوە.

**+مەبەست لەسەردانەکانتان بۆ ئەوروپا چیەو چی پرۆژەیەکتان هەیە لەوبارەیەوە؟**

— یەکەم جار بەمەبەستی چارەسەر وەرگرتن چومە لەندەن، لەوێش بەهۆی هەندێك خەڵکی باشەوە توانیم کۆبونەوەیەکی سەرەتایی لەگەڵ ئەنجومەنی شارەوانی(مانجستەر) دووەم گەورە شاری بەریتانیادا بکەم، زۆر خۆشحاڵ بوون بەوەی یارمەتیمان بدەنو هاوکاریمان بکەن. ئەوان دەیانەوێت لەکۆمەڵێك بواردا پرۆژەی وەبەرهێنانیان هەبێت لەناوچەکەدا، من داوام لێکردوون لەبوارەکانی (کارەبا، تۆڕی ئاو، بوژانەوەی (گەرمیان) هاوکاریمان بکەن، چونکە بەڕاستی گەرمیان سنورێکی زۆر گەورەیە لەڕوی کشتوکاڵو ئاودێریو بوارەکانی دیکەوە، داوام لێکردوون بێن ئاوەکەی بفرۆشنو گرێبەستێك لەو بارەیەوە مۆربکەین، بەو پێیە ئەو پرۆژەیە دوای (٢٠ــ ٣٠)ساڵ دەگەڕێتەوە بۆ حکومەت، گرنگ ئەوەیە ئێستا ئەوەمان بۆ بکەن لیژنەیەکی (٥) کەسیمان دروستکردوە بە سەرپەرشتی خۆم لە بوارەکانی (ئاوەدانکردنەوە، هاتوچۆ، زانکۆ، کارەبا) لەم ماوەیەدا دەچین قسەیان لەگەڵدا دەکەینو ئەو بوارانەشی کە ئەنجومەنی وەزیران بۆی دەست نیشان نەکردوین خۆم نوێنەرایەتی دەکەم، وادەکەین کارێکی باش بکەین بۆ پارێزگای سلێمانی، خۆتان دەزانن مانجستەر شارێکی گەورەیەو توانیویەتی بە شێوەیەکی زۆر ڕێکوپێك کێشەی نیشتەجێبوون چارەسەر بکاتو زانکۆیەکی بەناوبانگیان هەیەو لەبواری وەبەرهێنانیشدا زۆر لە پێشەوەنو هەردوو لامان تەماحمان لە یەکتریدا هەیە، سەرەتا وایانزانی ئێمە داوای پارەیان لێدەکەین، چونکە گوتیان نیمانە، بەڵام من ئەوەم بۆ ڕوون کردنەوە کە ئێمە پێویستمان بە پارە نیەو دەمانەوێت ئەزمونیان لێوەربگرین و کادرمان بۆ پێبگەیەننو دواتر لیژنەیەکی ئەوان دێت لێرە گرێبەستی کۆتایی ئیمزا دەکەین.

**+لەبارەی ئەوکەسو بەرپرسانەوە دەڵێیت چی، کە دوای پێگەیشتنیان چەمچەماڵ جێدەهێڵن؟**

— من زۆرم پێناخۆشە چەمچەماڵ جێدەهێڵنو بەکارێکی خراپی دەزانم، ئەوەش یەکێکە لەهۆکارەکانی دواکەوتنی چەمچەماڵ، ئێمە خەڵکی زۆرباشو زیرەکو شۆڕشگێڕمان هەیە، بەڵام بەداخەوە کە دەگاتە قۆناغێك بەهۆی کۆمەڵێك هۆکارەوە لەوانە دەوڵەمەند بونو نەبونی ئارەزوو بۆ خستنە کاری سەرمایەکانیان لە شارەکەدا، یان دەگەڕێتەوە بۆ هۆکاری کۆمەڵایەتیو...هتد. حەقی ئەوەیە لیژنەیەك پێکبهێنرێتو لێکۆڵینەوە لەو بارەیەوە بکات، پێموایە ئەوکارە بەو زەقیە تەنها لە چەمچەماڵدا هەیە،بۆ نموونە لە چەمچەماڵدا سینەمایەك نیە کەچی دەوڵەمەندەکانی ئەم شارە دێنو چەند خانوویەك لە سلێمانی دەکڕنو بۆخۆشیان لە خانوویەکی قوڕدا دەژین.

**+بۆچارەسەری کێشەی نیشتەجێبوون لەچەمچەماڵدا چیتان کردووە؟**

— ئەوکێشەیە زۆربەی ناوچەکانی گرتۆتەوە، تەنها لەچەمچەماڵدا نیە، ئەوکێشەیە بەشێکی پەیوەندی بەکۆچی لادێ نشینەکانەوە هەیە کەبەهۆی نەبونی خزمەتگوزاریەوە ڕوودەکەنە شارەکان، ئێمە(ئەنجومەنی پارێزگا) لەگەڵ وەزارەتەکانی (کشتوکاڵو ئاوەدانکردنەوە) دا کۆبوینەوەو داوامانکرد کۆمەڵگای بچووك دروست بکرێت، بەسەرجەم پێداویستیەکانیەوە بۆگوندنیشنەکانی چەن گوندێك بەیەکەوە، هەروەها پرۆژەی دروستکردنی شوقە، هەنگاوێکی باشەو لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت فەرمانگەکانیش بچنە دەرەوەی شار، چونکە گونجاو نیە فەرمانگەکان کرێچی خەڵك بن، چ پێویست دەکات مەحکەمەو قائیمقامیەت لەناو شاردابێت؟

**+بۆبەرگرتن لە چۆڵبونی گوندەکانو کڕینەوەی بەرهەمی جوتیارانی ناوچەکە چیتان کردوە؟**

— یەکێکی دیکە لەهۆکاری سەفەرەکەمان، هێنانی شارەزایانی بواری کشتوکاڵە، بۆکردنەوەی پرۆژەی کشتوکاڵی لەگەرمیانداو پێدانی زەویە بەو کەسانە، ئیتر ڕوبەرەکەی (١٠٠،٢٠٠،٣٠٠)دۆنم یاخود زیاتر بێت، بیکات بە پرۆژەیەکی کشتوکاڵی، غابات، یاخود هەر شتێکی دیکەو، لەهەر دوو دۆنمێکدا کرێکارێك بەکرێ یاخود بەحیصە بیبات بەڕێوە، لەگەڵ ئەوەشدا خانوو کۆمەڵگای بچووك بچووك دروست بکرێت، لە ئێستاشدا لەگەرمیان چەندین بەرهەمی کشتوکاڵی هەیە، کە دەتوانرێت سوودی لێ ببینرێت، هەروەها بەرنامەمان داناوە بۆکڕینەوەی بەرهەمی جوتیاران، ئەمەش لەبەرنامەماندایە چونکە ئێمە تا ئێستا هیچ یاسایەك نیە پشتگیریمان لێبکاتو خۆمان مەرجەعی خۆمانین.

**+سەرەڕای فرە ڕەنگیتان بە ئەنجومەنێکی کارا ناسراون، ئەمە چیە؟**

— پێموایە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئەو ئەندامانەی یان ئەو برادەرانەی کە هەڵبژێردراون، زۆر بەحەماسو دڵسۆزییەوە بەرەو ئیشەکانیان ئەڕۆن، ئەنجومەنەکانی دیکە پێموایە تائێستا هەفتانە کۆنابنەوە وەکو ئێمە، ئەگەر سەیری مەحزەرەکە بکەی دەبینیت ڕێژەی غیابی ئەندامان زۆرکەمە، لە کۆبونەوەکاندا ئەوانەشی کە ئامادە نابن زۆر جار مۆڵەتیان وەرگرتووەو سەرقاڵی کارەکانی ئەنجومەن دەبن، ئەم (٤١) ئەندامەی ئێمە کە لە(یەکێتی، کۆمەڵ، پارتی، یەکگرتوو) پێکهاتووە، ئەگەر لەکۆبونەوەکانماندا ئامادەبیت مەگەر سەیری سەروسیمایان بکەیت، ئینجا دەزانیت ئەندامەکان سەربەچ لایەنێکن، ئەگینا وەکو تر نازانیتو هەستی پێناکەیت، تەنانەت بۆ خۆشمان لەکاتی قسەکردندا ئەوەمان بیرچۆتەوە کە ئێمە یەکێتی، یان پارتی، یان لایەنەکانی دیکەینو بەو ئاراستەیە کاردەکەین کەکێ خزمەتی زیاتر دەکات، ئەگەر لەگەڵ یەکتریشدا شەڕمان بووبێت ئەوە لەسەر دڵسۆزی بووە، بۆ ئیشەکە نەك شتیتر.

**+باسی دوریمان کرد لەشارەکەوە بەنیازنیت بگەڕێیتەوە بۆ چەمچەماڵ؟**

— من تائێستا کرێچیم، لەهەرکوێیەك بێت خاوەنی خانووی خۆم نیم، پێم وایە ئەگەربگەڕێمەوە بۆ چەمچەماڵ، لەلایەن خزمانمەوە هاوکاری دەکرێم تاخانوویەك دروست بکەم، سەرەڕای ئەوەش ئەگەر بگەڕێمەوە بۆدەوامەکەم گرفتی ڕێگاوبانم بۆ دروست دەبێت، لەگەڵ ئەوەشدا من هەفتانە دەگەڕێمەوەو سەردانی ئەو شوێنانە دەکەم کەمەبەستمەو پەیوەندی بەردەوامم لەگەڵ (قائیمقامو شارەوانیدا)هەیە، ماڵیان ئاوابێت زۆر هاوکاری منیان کردوە، ئەوانیش هەر چیەکیان پێویست بوبێت لێرە من کەمتەرخەمیم نەکردووە، ئێستاش پرۆژەی دروستکردنی سەدێکمان هەیە لەبانی مەقان بۆگلدانەوەی ئاوی لافاوو دروستکردنی هاوینەهەوارێك، وەزارەتی کشتوکاڵ بڕیاریداوە لەم ساڵدا بۆمان جێبەجێبکات.

**+لەبارەی ڕاگەیاندنەکانی چەمچەماڵەوە چ سەرنجێکت هەیە؟**

ڕۆژنامەی چەمچەماڵ، دەگاتە دەستمو هەموو ژمارەکانیم خوێندۆتەوە، دەخوازم ببێتە هەفتانە بەهاوکاری هەموو لایەك، ڕۆژنامەکەتان ببێتە کەناڵێکی هۆشیارکەرەوە، کاربکات بۆ چارەسەرکردنو لێکۆڵینەوە لەگرفتەکان، ئەوپرسیارانەی لەمنتان کرد بەدواداچوونو لێکۆڵینەوەی بۆ بکەن، سەبارەت بەکەناڵەکانی دیکەی شارەکەش، هەموویان صرف حیزبین، دەخوازم ئەوانیش لەپێناوی شارەکەیاندا کاربکەن، ئامانجیان خزمەتکردنی خەڵکی ناوچەکە بێت نەك شتی دیکە.

**+دوا ووتەی بەڕێزت چیە؟**

— من نەدوەیەکم کرد لە چەمچەماڵ گەنجێك پرسی : "تۆئەگەر ئەم ئەنجومەنە نەمێنێت، لەکوێ دائەنیشیت؟" منیش ئەوەم پێگووت چەمچەماڵ کوێم پێبڵێت لەوێ دائەنیشم خەڵکیش شایەتی ئەوەم بۆ ئەدەن کەمن تەزحیەی زۆرم داوەو کەمم نەکردوە، حەقی ئەوەشم هەیە حیسابێك بۆ شارەکەم بکەم، من کەخۆم هەڵبژاردووە نوێنەری ئەو خەڵکەمو دەنگی ئەوان منی گەیاندە ئەم پۆستە، ڕاستە من تاسەر ئێسقان یەکێتیمو یەکێتیم بەخوێن ئاوداوە بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو تەعەسوبە حیزبیەی کە تائێستا کاری پێکراوە من بەو ئاراستەیە کارناکەم، تۆو کۆمەڵێكو یەکگرتوویەك دەنگی بەمن داوە، من دەزانم خەڵکی پارتی هەیەو دەنگی بەمن داوە، ئەبێت من خزمەتیان بکەم. لەبەرئەوە لەکاتی خزمەتکردنەکەیا خزمەت دەکەمو هیچ ئیعتیبارێك بۆ هیچ حیزبێك دانانەمو دەخوازم خەڵکی چەمچەماڵو کوردستانیش بەو ئاراستەیە کاربکەن.